# ئوتێلی ڕەواندا

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)

دە ساڵ بەسەر کارەساتی یان قەسابخانەی ڕەواندا تێپەڕیووە.زانیاری لەو بارەیەوە زۆر سنورداره لەبەر ئەوەی چاوە گەورەکانی دونیا خۆیان لە ئاستیا کوێر کرد،بەڵام سوپاس بۆ چاوی کامێراکەی تێری جۆرج کە لە پاش دە ساڵ پەردە لە ڕووی ئەو کارەساتە هەڵدەداتەوەو وەك کامێرایەکی شاراوە لەمرۆڤدا دیمەنەکانی دۆێنێمان نیشان دەدات.دوێنێیەك ڕەش،دوێنێیەکی ئاڵۆز،کاڵ وتەم و مژاوی.ئوتێلی ڕەواندا حیکایەتی ئەو هەزارو دوو سەد کەسە توتسیە دەگێڕێتەوە کە بۆ دەرباز بوون لەو قەسابخانەیە خۆیان ئەکەن بەو ئوتێلەدا کە دیپلۆماتە بیانییەکانی تیایەو کەسێکی هوتو بەڕێوبەرایەتی ئەکات.ئەو کەسە لە پڕێکدا خۆی لەبەردەم پاراستنی ژیانی هەزارو دوو سەد کەس دەبینێتەوەو بەو کارتانەی کە لە هەگبەکەیدایە بۆ ڕزگار کردنیان ئەجەنگێت.لە کاتێکدا هەموو دونیا دڵڕەقانە پشتیان لەو کارەساتە کرد،لە کاتێکدا شەڕو کوشتارو ڕق و کینەی ئەو دوو هۆزە گەیشتبووە ترۆپك ،ئینسانێك بە تەنها دەتوانێت لە ئوتێلێکدا ڕەواندایەکی بچووك درووست بکات.ڕەواندایەك توتسییەك و هوتویەك لەسەر یەك مێزی نانخواردن کۆبکاتەوە بێ ئەوەی ئەمیان ئینتیمای ئەوی تریانی بۆ گرنگ بێت.لەو ڕەواندایەدا هەموو پێکەوە برسی دەبن و هەموو پێکەوە تێر دەخۆن و هەموو پێکەوە خۆیان بۆ مردن ئامادە دەکەن و هەموو پێکەوە پەلە قاژەی ژیان ئەکەن و هەموو پێکەوەش تف لەو چاوانە ئەکەن کە بە دەم گەنمە شامی کرۆژینەوە لەسەر شاشەی سەتەلایتەکانەوە وەك یارییەك سەیری دیمەنەکانی ئەو شەڕە ئەکەن.

ئەم فلیمە بەرهەمێکی بەریتانی–باشوری ئەفریقایی هاوبەشە بە بوودجەیەکی کەم و تەکنیکێکی سادەوە خۆی وەك شاکارێك نیشان ئەدات شاکارێك کە زۆرێك لە فلیمەکانی هۆلیود شەرمەزار بن لە ئاستیدا.وە دەتوانێت ببێت بە هەناسەی ئەو حیکمەتەی کە دەڵێت (بوودجە ناتوانێت ببێت بە پێوانەی فلیم)لە هەمان کاتدا ئەتوانێت لە بەردەم دەروازەی هۆلیود بە لافیتەیەکی گەورەوە ڕابوەستێت و بڵێت(منیش هەم،تۆ بڕۆ تاوانەکانی مێژوو پەردە پۆش بکە،تۆ بڕۆ حەقیقەتەکان زیندە بە چاڵ بکە،تۆ بڕۆ شەڕەکان ماکیاج بکە،تۆ بڕۆ.........منیش لە پێشەوەی ئەو قافلەیە ئەبم کە وەکو تۆ لە خەمی بە مێوژ کردنی مێژووە تاڵەکان نییە ئەوەندەی بە خەمی ئەوەوەیە تاری ئەو مێژووە هەڵداتەوە کە خوێن بە نێوچاوانیدا دێتە خوار.

ئوتێلی ڕەواندا وانەیەکی بە پێزە بۆ فلیم سازەکانی ئێمە ،ئێمە کە بیرۆکەو ئیرادەو توانست و خەونە هونەرییەکانمان لە کێشی گیرفانەکانمان قورسترە.

23ی ئایاری 2005